Australian
**BORDER FORCE**

# Immigration Detention Facility Conditions of Entry

# مەرجەکانی چوونەژورەوەی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری

Form
**1512B KURS**
KURDISH (SORANI)

## مەرجەکانی چوونەژورەوە

### داخوازییەکانی پێناسین

بەر لە چوونەژورەوە بۆ دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، گشت سەردانیکەران کە تەمەنیان ۱۸ ساڵە یان گەورەترن (گەورە ساڵ) دەبێت ۱۰۰ خاڵ لە بەڵگەکانی پیناسین دەستەبەر بکەن، لەناویاندا پێناسینی وێنەی ڕەنگی وەک ئەوەی لە داواکارییەکەت دراوە.

- بڕوانامەی لەدایکبوون، پاسپۆرت، بڕوانامەی هاونیشتمانی بوون یان جۆرێکی تری بەڵگە هەمان تایبەتمەندی پاسپۆرتیان هەیە، لە نیوانیاندا بەڵگە دیپلۆماتییەکان (یان Immicard) کە ۷۰ خاڵ هەڵدەگرێت.
- مۆڵەتی شۆفێر یان ڕێ پێدەری دەرچووی دەوڵەتی فیدراڵ، ویلایەتێک یان هەرێمێکی ئوسترالیایی کە هەڵگری ٤٠ خاڵە.
- تێکەڵێک لە بەڵگەکان کە دەکرێت بەکاربێن بۆ پێکهێنانی خاڵە دیارەکان.
  بۆ زانیاری زیاتر، ئاماژە دەکرێت بۆ وێبسایتی
  Australian Border Force (ABF) (هێزی سنوری ئوسترالیایی (ABF))
  **https://www.abf.gov.au/about-us/what-we-do/border-protection/immigration-detention/visit-detention/identification-guidelines**

کەم تەمەنەکان کە ١٦ ساڵەن یان سەرەوتر دەبێت یەک دانە پێناسین دەستەبەر بکەن لە خاڵی چوونەژورەوە لەگەڵ ناوی کەم تەمەنەکەی لەسەربێت وەکو مۆڵەتی شوفێر، پاسپۆرت (ئەگەر کارا نەبوو، پاسپۆرتەکە دەبێت کارا بووبێت لە دوایین دوو ساڵدا)، کارتی میدیکێر، کارتی کۆنسێشن یان پیناسینی خوێندکار.

کەم تەمەنەکان کە لە ژێر تەمەنی ١٦ ساڵەن بەشێوەیەکی گشتی ڕێگەپێدراوون بەبێ دەرکردنی ئەو پێناسەیەی دراوە لە داواکاری سەردانیکەری گەورە ساڵی بەرپرس کە لە گەڵیاندان.

ئەگەر پیناسینی بەوێنەوە ناونیشانی ئێستاتی لەنێودا نەبێت، دەبێت نمونەیەکی تری بەڵگەی پێناسە دەستەبەر بکرێت. فۆرمە قەبوڵکراوەکانی بەڵگەی زیاتری پێناسین دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ، ویلایەت یان خۆجێی، دامودەزگای دارایی، یان دابینکاری خزمەتی بەکەڵک و هەردوو ناو و وردە زانیاری ئەدرێسی ئێستای خۆتی تێدابێت. نمونەکانی فۆرمە قەبوڵکراوەکانی بەڵگەی پێناسین لەنێویاندا، بەلام سنوردار نیە بە، پسولەی سپاردنی بۆند، تێبینی ڕێژەکانی ئەنجومەنی شارەوانی، لیستەی حیسابی بانک، یان فاتورەی خزمەتی بەکەڵکی تر.

### پیشەوەری یاسایی و/ یان بریکاری کۆچ

ئەگەر تۆ پیشەوەری یاسایی و/ یان بریکاری کۆچیت، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لە فۆرمەکەدا، تۆ دەبێت ئەمانەش دەستەبەر بکەیت:

- بەڵگەی پلەوپایەکەت وەک کەسێکی یاسایی کارا/ بریکاری کۆچ؛
- پشتگیری نوسراو لەسەر کاغەزی نامەی کۆمپانیای پەیوەندیدار دەریخات کە تۆ لەلایەن کۆمپانیا/ بزنسەکەوە کارپێکراوی وەک پارێزەر، بریکاری یاسایی دادگا، یاریدەدەری یاسایی یان بریکاری کۆچ؛
- ناو(ەکان)ی دەستبەسەر(ەکان) کە داخوازی ڕاوێژکاری یاسایی کردبوو لە کۆمپانیاکە، لەگەڵ دەسەڵات پێدانی واژوکراو بۆ کارکردن لە هەر یەکێک لە کەسانی ناو لیستەکە؛ و
- بەڵگەی ئەوەی کە کەسی دەستبەسەر ڕەزامەندی داوە بۆ سەردانەکە.

### پیشەوەری تەندروستی

ئەگەر تۆ پیشەوەرێکی تەندروستیت (لەلایەن دابینکەری خزمەتگوزاری تەندروستی شوێنی دەستبەسەرکردن کارپێکراو نیت)، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لەم فۆرمەدا، پێویستە ئەمانەش بدەیت:

- بەڵگەی پلەوپایەکەت وەک پیشەوەری پزیشکی یان هاوپەیمانی تەندروستی تر؛
- بەڵگەی دامەزراندنی پەیوەندیدار؛ و
- بەڵگەی ئەوەی دەستبەسەرکراو ڕەزامەندی داوە بۆ سەردانەکە.

### سەردانیکەری فەرمی

ئەگەر تۆ سەردانیکەری فەرمیت (نوێنەری لایەنێکی پشکنینی دەرەکی، ئاژانسی جێبەجێکاری یاسا یان ئاژانسی خۆشگوزەرانی ویلایەت/ هەرێم)، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لەم فۆرمەدا، دەبێت ئەمانەش دەستەبەر بکەیت:

- بەڵگەی پیشەکەت/ خاوەن کارەکەت؛ و
- ئەگەر لە هەوڵی مامەڵە کردنیت لەگەڵ دەستبەسەرکراو(ەکان)دا ، بەڵگەی ئەوەی کە دەستبەسەرکراو(ەکان) ڕەزامەندیان داوە بۆ سەردانەکە.

### نوێنەرایەتی پەرلەمانی و حکومەت

ئەگەر نوێنەری پەرلەمانی و حکومەتیت و لە هەوڵی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەستبەسە رکراو(ەکان)دا، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لە فۆرمەکەدا، دەبێت بەڵگەی ئەوە بدەیت کە دەستبەسەرکراو(ەکان) رەزامەندیان داوە بۆ سەردانەکە.

### قونسڵی فەرمی یان نوێنەری حکومەتی بیانی

ئەگەر تۆ قونسڵی فەرمیت یان نوێنەری حکومەتی بیانیت، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لەم فۆرمەدا، دەبێت بەڵگە بدەیت کە دەستبەسەرکراو ڕەزامەندی داوە بۆ سەردانەکە.

### خۆبەخشەکان، گروپەکانی کۆمەڵگە و ئەو سەردانیکەرانەی سەرپەرشتی ڕوحانی دەستەبەر دەکەن.

ئەگەر تۆ خۆبەخشیت و/یان ئەندامی گروپی کۆمەڵگەیت لە هەوڵی سەردانی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەریت بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامە و چالاکییە قەبولکراوەکان بۆ دەستبەسەرکراوەکان، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لەم فۆرمەدا، دەبێت تۆ بە پشکنینەکانی پۆلیسی فیدراڵی ئوسترالیایی و پشکنینە شیاوەکانی تری داواکراو بەپێی یاسادا بچیت، لەنیوانیاندا (هەر کە پەیوەندیدار بوو) پشکنینەکانی کارکردن لەگەڵ منداڵان/ خەڵکی لاواز و بێدەسەڵات.

### بەڵێندەرەکان

ئەگەر بەڵێندەریت لەناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری کاردەکەیت، سەرەڕای ئەو مەرجانەی خراونەتەڕوو لەم فۆرمەدا، تۆ دەبێت:

- گوێڕایەڵی ئەو ئاڕاستانەی پێت ڕاگەیاندرا لە کاتی پێناساندن، لە نێویاندا لە کوێ ڕیگاپێدراوی کار بکەیت، و کەی دەبێت کەسێک یاوەرت بێت لەلایەن کارمەندانی Facilities and Detainee Service Provider (FDSP) (دابینکەری خزمەتی دەستبەسەرکراو و دەزگاکان (FDSP)).
- گشت مۆڵەتە شیاوەکان، بڕوانامەکان و دڵنیایی بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی دەستپێکراوە لەگەڵ خۆت هەڵگرە؛
- پشکنینی باکگراوندی پۆلیسی فیدراڵی ئوسترالیایی هەڵگرە بەر لە دەستکردن بە ئەرکەکان یان دابینکردنی هەر جۆرە خزمەتێک؛

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

• ئەو شوێنەی کەرەستەکان پێویستن:
– تەنیا ئەو کەرەستە و ئامێرانە بهێنە ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری کە پێویستن بۆ کارێکی دیاریکراوی دەستپێکراو و هیچ کەرەستەیەک دوور لە چاودێری جێمەهێڵە؛
– دڵنیابە لەوەی گشت کەرەستەکان تۆمارکراون لە تۆماری کەرەستە پێکەوە لەگەڵ پێناسەکردنی تەواوی هەر کەرەستەیەک، هەروەها کە دەرکردنیان تۆمارکراوە لەلایەن ئەندامی کارمەندانی FDSP وە لە کاتی دەرکردندا.
– دڵنیابە کە هەر کەرەستەیەک یان ئامێرێک لەشوێنی کار بەجێ ئەمێنێت بەشێوەیەکی شێاو دەستەبەر دەکرێت لەژێر سەرپەرشتی کارمەندانی FDSP؛ و
– پۆشاکی شیاوی کار بپۆشە (وەکو جلوبەرگی زۆر بەڕوونی بینراو و جزمەی کار).

## گشت سەردانیکەران

گشت سەردانیکەران پێویستە تۆماری سەردانیکەر واژوو بکەن کاتی چوونەژورەوە و دەرچوون لە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری.

داوادەکرێت کە پشکنینی سکیوریتی بکرێت بۆ گشت سەردانیکەران و کەلوپەلەکانیان وەک مەرجی چوونەژورەوە. ئەمەش لەوانەیە لەنێویدا پشکنەری دەست بەرزکردنەوە، بەناو ئامێری پشکنین، تیشکی-X و دۆزینەوەی مادده. لەوانەیە شێوازی دۆزینەوەی مادده لەنێویاندا سەگی دۆزێنەر بەکاربێت. لەوانەیە کارمەندێک داوای پشکنینی شتەکان بکات لەوانەی پێتن، و/ یان ئەو شتە بەناو پشکنینی تیشکی-X تێپەڕێنێت. تۆ لەژێر هیچ پابەندبوونێکدا نیت بۆ گوێڕایەڵی ئەو داواکردنە، هەرچەندە، ئەگەر گوێڕایەڵ نەبیت، لەوانەیە ڕێی چوونەژورەوەی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەریت پێنەدرێت.تۆ نابێت لەژێر کاریگەری ئەلکەهۆڵ و ماددەی هۆشبەردا بیت.

داوا لە گشت سەردانیکەران ئەکرێت کە پشکنینی تەندروستی بکەن وەک مەرجی چوونەژورەوە. پرۆسەی پشکنینی تەندروستی ئەنجام دەدرێت لەسەر ڕاوێژکاری یەکەکانی تەندروستی گشتی پەیوەندیدار و بەرپرسانی تری تەندروستی و ئەوەش داڕێژراوە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی نەخۆشی، لەنێویاندا COVID-19 ، لە چوونە ناو دەزگاکانی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری. ئەمەش لەوانەیە لەنێویاندا، بۆ نمونە، پرسیارنامە، پشکنینی تەندروستی، پۆلینکردنی پلەی گەرما و پشکنینی چاودێری COVID-19.

ئەگەر پرۆسەی پشکنینی تەندروستی تێنەپەڕێنیت، یان گومان هەیە لەبارەی دۆخی تەندروستیت:

• ڕێگا نادرێیت بچیتەژورەوە بۆ ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری؛ و
• پێویستە دووبارە بەرنامە دانێیت بۆ سەردانەکەت.

سەردانیکەران لەوانەیە داوا لێکراو بن بەڵگەی **وەورگرتنی نوێترین پێکوتەی COVID-19 دەستەبەر بکەن**.

تۆ دەبێت پەیوەست بیت بە پێوەرەکانی کۆنترۆڵکردنی خاوێنی/ توشبوون، لە نێویاندا بەڵام بەدیاریکراوی نا، خاوێنی دەست، ئەتەکێتی کۆخە و هەرجۆرە پێویستییەکانی مەودای جەستەیی. لەوانەیە داوات لێبکرێت دەمامک بپۆشیت. سەرنەکەوتن لە پێڕەوکردنی هەریەک لەو داخوازیانەی خاوێنی لەوانەیە ئاکامی کۆتایی هێنانی سەردانەکەت بێت.

کۆکردنەوەی زانیاری کەسی خۆبەخشانەیە. زانیاری کەسی تۆ لەلایەن کارمەندانی دابینکەری خزمەتی بەڵێن پێدراوەوە دەبێت کە هەڵدەستێ بە پشکنینی تەندروستی لە دەزگاکانی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری لەبری Department of Home Affairs (وەزارەتی کاروباری ناوخۆ) (وەزارەت).

زانیاری کەسی تۆ دەخرێتە تیانوسەوە و لەوانەیە بەکاربهێنرێت و ئاشکرا بکرێت بەپێێ یاسا (لەنێویاندا بۆ وەزارەت) **(ئاماژە دەکرێت بۆ زانیاری گرنگ لەبارەی تایبەتمەندێتی).**

تۆ دەبێت جلوبەرگێک بپۆشیت شیاوبێت بۆ شوێنی گشتی، لە نیوایاندا نەپۆشینی جلوبەرگی بە وێنە و دروشمەکانەوە کە لەوانەیە هۆکاری سوکایەتی بێت. نوینەرانی ڕێکخراوە پیشەییەکان دەبێت بە شێوازێکی پیشەییانە جلوبەرگ بپۆشن (پۆشاکی بزنس) ئەگەر پۆشاکی هاوچەشن یان جلوبەرگی نوینەرایەتیان نە پۆشی بوو.. بۆ هۆکاری سەلامەتی و تەندروستی کار، پێڵاوی داخراو (نەک پاژنەبەرز) دەبێت لەپێ بکرێت.

تۆ دەبێت ڕێز لە مافی ئەو کەسە بگریت لە دەستبەسەرکردنی کۆچبەری کە سەردانەکە ڕەت بکاتەوە.

## هێنانی شت بۆ ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆجبەری

نابێت هەوڵ بدەیت شت بهێنیتە ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری کە بەپێی یاسای ئوسترالیایی تۆ ڕێگاپێنەدراویت خاوەنداری بکەی.  یاسای ئوسترالیایی یاساکانی فیدرالی، ویلایەت یان هەرێم ئەگرێتەوە. هەر شتێکی قەدەغەکراو بدۆزرێتەوە لای خۆت یان لەناو ملکوماڵەکەت ناگەڕێتەوە بۆت و دەنێردرێت بۆ پۆلیس.

نابێت هەوڵ بدەیت شتە کۆنترۆڵکراوەکان بهێنیتە ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری. ماددە کۆنترۆڵکراوەکان ئەوانەن کە تۆ بە شێوەیەکی یاسایی هەتە لە ئوسترالیا بەڵام وادانراوە مەترسیدارن بۆ تەندروستی، تایبەتمەندی، سکیوریتی یان ئاسودەیی ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری و ڕێگا پێدراو نین. ئەگەر ئەو شتانەت هەیە کاتێک دەگەیتە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆجبەری، دەبێت ڕایبگەیەنیت بۆ کارمەندەکان و ئەو شتانە هەڵبگیردرێن بەر لە چوونەژورەوە بۆ شوێنی سەردانیکەران. تۆ بواری چوونەژورەوەت پێ نادرێت بۆ دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری لەو کاتەی ئەو شتانەی پێتە کە لەوانەیە مەترسیداربن بۆ تەندروستی، تایبەتمەندی، سیکیورتی یان ئاسودەیی ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری.

ئەگەر تۆ دڵنیا نیت داخۆ شتێک قەدەغەکراوە یان کۆنترۆڵکراوە، دەبێت تۆ ئەو شتە ڕابگەیەنیت بە کارمەندی پشکنین **بەر لە** چوونەژورەوە بۆ دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری. لەوانەیە دۆڵابی کلیلدار بەردەست بێت ئەگەر شتە کەسییەکان پێویست بکات هەڵبگیرێت لەو کاتەی سەردانی ئەکەیت. نمونەی ئەو شتە قەدەغەکراو و کۆنترۆڵکراوانە خراونەتەڕوو لەو نیشانانەی دانراون نزیکی خاڵەکانی چوونەژورەوەی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری و خراوەتە لیستەوە لە ویبسایتی ABF:

**https://www.abf.gov.au/about-us/what-we-do/border-protection/immigration-detention/visit-detention**

هەر ماددەیەک یان شتێک مەبەست لێی بۆ دەستبەسەرکراوێکە دەبێت بدرێتە دەست لە شوێنی پێشوازی سەردانیکەران بۆ پشکنینی سکیوریتی ، و لەوانەیە ڕێگا نەدرێت بۆ چوونەژورەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە بە پوختی باسکرا.

ئەوپەڕی سنورداری هەیە لەسەر ئەوەی تا چەند ماڵ و موڵک دەتوانرێت هەڵبگیرێت لەلایەن کەسانی دەستبەسەر. ئەو ماڵ و موڵکەی لەلایەن سەردانیکەرانەوە هاتوون لەوانەیە قەبولنەکرین ئەگەر ئەو سنوردارییەی تێپەڕاند یان تێئەپەڕێنێت.

هەرجۆرێک لە شتە کەسییەکان کە تۆ بۆت هەیە بیبەیتە ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری لە بەرپرسیارێتی خۆتە.  وەزارەت هیچ بەرپرسیارێتییەک ناگرێتەخۆ لە بزربوون یان زیان گەیاندن بە شتە کەسییەکانت کە لەوانەیە ڕوویدات لەو کاتەی تۆ لەناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەریدایت. تۆ بەرپرسیت لە دڵنیابوون لەوەی تۆ خاوەندارێتی شتە کەسییەکانت دەکەیت و کە تۆ ئەو شتانە لەگەڵ خۆتدا دەبەیت کە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری جێدێڵیت.

## ئاژەڵی یارمەتیدان

سەردانیکەران بۆ دەزگاکان لەوانەیە داوایان لێبکرێت کە بەڵگە دەربێنن کە ئاژەڵەکانیان ئاژەڵی یارمەتیدانە یان کە ئاژەڵەکە مەشق پێکراوە بۆ ئەوەی نمونەی شیاوی خاوێنی و هەڵسوکەوتی تیادا هەبێت بەر لەوەی ڕێگای چوونەژورەوەی لەناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری پێ بدرێت.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

ئاژەڵی یارمەتیدان دەبێت چاودێری بکرێت لە گشت کاتەکاندا لەلایەن سەردانیکەرەوە و لە شوێنی سەردانیکردنەکانی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری بمێنێتەوە بەشێوەی کاتی و تەنیا لە ماوەی کاتی ڕێگا پێدراو بۆ سەردانیەکە.

سەردانیکەران دەبێت ڕێگا بدەن بە پشکنینی ئاژەڵی یارمەتیدان بە پێی کردارە پەیوەستەکان بە پشکنینی سکیوریتی. لەوانەیە لە سەردانیکەران داوا بکرێت کە یارمەتی بدەن لەو شێوازانە. لەوانەیە لەنێویاندا گەڕانی جلوبەرگی ئاژەڵی یارمەتیدان بێت.

## ڕەفتار لە ماوەی سەرداندا

تۆ دەبێت بروانیتە ڕێنماییەکانی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، و هەر ئاڕاستەیەکی بەجێ کە لەلایەن کارمەندانەوە دەدرێن بگرەبەر. تۆ درک بەوە دەکەیت کە شوێنی سەردانەکان جێیەکی گشتییە. دەبێت تۆ بە شێوازی ڕێزگرتن لە کەسانی تر هەڵسوکەوت بکەیت و کە خەڵک لە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری یان سەردانیکەرانی تر دڵگران یان وەڕس ناکات. تۆ هانی ئەو هەڵسوکەوتانە نادەیت یان نایانکەیت کە لەوانەیە بە شێوەیەکی نەرێنی کاربکاتە سەر سەلامەتی، ئاسودەیی، یان سکیوریتی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری.

تۆ دەبێت پێناسینی سەردانیکەرت پێوەبێت کە پێت دراوە بەو شێوەیەی بەرچاوی بێت بۆ کارمەندان لە گشت کاتەکاندا لە ماوەی سەردانەکەتدا، و لە شوێنی سەردانییەکاندا بمێنەوە مەگەر ڕێگات پێدرابێت بۆ چوونە ناو شوێنەکانی تری دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری لەلایەن کارمەندانەوە.

تۆ نابێت یارمەتیدانی کۆچبەری دەستبەر بکەیت مەگەر تۆ کەسێکی ڕێگا پێدراو بیت بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتیدانی کۆچبەری. یاسای کۆچ ١٩٥٨ (Migration Act 1958) کۆتوبەندی توند دەخاتە سەر ئەوانەی لەوەیە یامەتیدانی کۆچبەری بدەن بە کەسی تر. Migration Act دەیخاتەڕوو یارمەتیدانی کۆچبەری چیە. ئەو کەسەی کە یارمەتیدانی کۆچبەری ئەدات کاتێک ڕێگای پێنەدراوە ئەوە بکات سەرپێچی ئەکات و لەوانەیە بەرپرسی یاسایی بیت بە سزایەکی زیاتر لە ١٠٠٠٠ دولار.

بەرپرسیت لە هەر کەم تەمەنێک کە یاوەر دەبێت و دەبێت چاودێری بکرێت لەلایەن تۆوە لە گشت کاتەکاندا.

تۆ هەر خەمێکت هەیە لەبارەی دەستبەسەرێکەوە یان سەردانیکەرانی ترەوە دەیگەیەنیت بە کارمەندان. تێبینییەکان لە شوێنی سەردانییەکان خراونەتەڕوو لەسەر چۆنێتی ڕیپۆرت کردنی هەرجۆرە خەمێک لەوانەیە هەتبێت.

## ڕەتکردنەوەی چوونەژورەوە و کۆتایی هێنانی سەردانەکان

سەردانی شەخسی لەژێر Immigration Detention Visitor Program (بەرنامەی سەردانیکەری دەستبەسرکردنی کۆچبەری) لەوانەیە بە شێوەیەکی کاتی هەڵپەسێردرێت لەهەر کاتێکدا لە ئەنجامی بەرچاوگرتنی کاروبار، لە نێویاندا (بەڵام سنوردار نیە پێی) تەندروستی، سەلامەتی و سکیوریتی. لەوانەیە ڕەتکرابیتەوە کە بچیتە ژوورەوە بۆ دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری یان سەردانەکەت کۆتای هاتبێت ئەگەر:

- شکستت هێنا لە ئاشکراکردنی گشت ئەو شتانەی پێت بوون؛
- شکستت هێنا لە ئاشکراکردنی تاوانباری تاوانێکی دیاریکراوی ڕابردوو؛
- شکستت هێنا تێبینی پێشەکی پێویست بدەیت بۆ سەردانەکەت، ڕەزامەندیت بەدەست ناگات بۆ سەردانەکە، یان دەسەڵاتی یاساییت نیە بۆ چوونەژوورەوە؛
- شکستت هێنا کە پێناسینی پێویست بدەیت؛
- شکستت هێنا لە شوێنی دیاریکراودا بمێنیت؛
- شکستت هێنا چاودێری و یاوەری کەم تەمەنەکان بکەیت لە گشت کاتەکاندا،ئەو کەم تەمەنانەی تۆ لێیان بەرپرسیاریت؛
- شکستت هێنا جلوبەرگی شیاو لەبەربکەیت یان پێڵاوی داخراو لەپێ بکەیت؛
- ڕەتیئەکەیتەوە دان بنەیت بە/ یان واژووی ئەو مەرجانەی چوونەژورەوە بکەیت؛
- ڕەتیئەکەیتەوە کە پێناسینی دەزگای دەستبەسکردنی کۆچبەری هەڵبگریت (لەو شوێنەی نیشانکراوە)؛
- ڕەتیئەکەیتەوە ئەو شتە (شتانە) ی کە ڕێگاپێدراو نین تەسلیم بکەیت لە دەزگای دەسبەسەرکردنی کۆچبەری؛
- ڕەتیئەکەیتەوە پشکنینی سکیوریتی و/ یان تەندروستی یان کردارەکانی تێڕوانین بکەیت؛
- ڕەفتارت دادەنرێت بە نەشیاو، هێرش یان هەڕەشە لەسەر سکیوریتی، ئاسودەیی یان سەلامەتی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری یان لەسەر کەسەکان لە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری؛
- کارمەندێک گومان ئەکات کە تۆ لەژێر کاریگەری ئەلکۆهۆڵ یان ماددەی قەدەغەکراودایت؛
- کارمەندێک گومان ئەکات کە تۆ ناساغیت؛
- کارمەندێک گومان ئەکات کە تۆ شتێک یان زیاترت هەڵگرتووە ڕێگا پێدراو نیە لە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری؛
- کارمەندێک گومان ئەکات کە تۆ نەتتوانی گوێڕایەڵی مەرجەکانی چوونەژورەوە بیت لە هیچ کاتێکدا؛
- پرسگەلێک سەریان هەڵداوە لە بارەی سیکیوریتی، ڕێکوڕەوانی، یان پێشگیری لە نارێکی یان تاوان لەناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری؛
- پرسگەلێک پەیوەست بە هەواڵگری یان مەترسی، و/ یان
- هۆکارەکانی تری تایبەت بە  ئۆپەراسیۆن.

تۆ دەبێت ڕێزبگریت  لە هەر بڕیارێک بۆ کۆتایی هێنان بە سەردانەکەت یان خۆت یان هەر شتێک ڕەتدەکاتەوە بچێتە ناو دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری. گەر داوات لێکرا، دەبێت دەستبەجێ دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری بەجێ بهێلیت. قەبوڵنەکردنی ئەوە لەوانەیە کاربکاتە سەر توانینت لە سەردان لە دواڕۆژدا و لەوانەیشە بدرێتە پۆلیس.

## سکاڵاکان و پێراگەیاندنەوە

تۆ دەتوانیت سکاڵا بکەیت یان پێراگەیاندنەوە بدەیت لەسەر سەردانەکەت. زانیاری زیاتر دەستبەرە لە وێبسایتی وەزارەت:

**https://homeaffairs.gov.au/help-and-support/departmental-forms/online-forms/complaints-compliments-and-suggestions**

## زانیاری گرنگ لەبارەی تایبەتمەندی

زانیاری کەسی تۆ بەپێی یاسا پارێزراوە، لەنێویاندا *Privacy Act 1988*. زانیاری گرنگ لەبارەی کۆکردنەوە، بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاری کەسی تۆ (بۆ ئاژانسەکانی تر و لایەنی سێیەم، لەنێویاندا پێکهاتەکانی وڵاتانی دەرەوە)، لە نێویاندا زانیاری هەستیار، کە پەیدا دەکرێت لە فۆرمی 1553 *Privacy Notice Visitors to immigration detention facilities* (تێبینی تایبەتمەندی سەردانیکەرانی دەزگاکانی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری) کە لە وێبسایتی ABF یان لە دەزگاکاندایە. دەبێت تۆ دڵنیابیت لەوەی کە ئەیخوێنیتەوە و فۆرمی 1553 تێدەگەیت بەر لە تەواوکردنی فۆرمەکە.

## زانیاری زیاتر.

زانیاری زیاتر، لەنێویاندا وردەزانیاریی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، زانیاری پەیوەندیکردن، کاتەکانی کردنەوە، و فۆرمەکانی داخوازی دەکرێت بەدەست بهێنرێت لە ویبسایتی

**https://www.abf.gov.au/about-us/what-we-do/border-protection/immigration-detention/visit-detention**

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

## ڕێککەوتن

**گشت سەردانیکەران دەبێت مەرجەکانی چوونەژورەوە لە لاپەڕەکانی ١- ٣ لەم فۆرمەدا بخوێننەوە و واژووی ئەم ڕێککەوتنە بکەن بەر لە چوونەژورەوەی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری.**

من ڕایدەگەیەنم کە:

- من مەرجەکانی چوونەژورەوەم خوێندەوە لە لاپەڕەکانی ١- ٣ ی ئەم فۆرمە.
- من هێچ شتێکی ڕێگا پێنەدراو یان کۆنترۆڵکراو ناهێنمە ناو ئەم دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەرییەوە.

من تێدەگەم کە:

- شکستهێنان لە گوێڕایەڵی ئەو مەرجانە لەوانەیە ئەم ئەنجامەی هەبێت:
  - ڕەتکردنەوەی چوونەژورەوە بۆ دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری؛
  - کۆتایی هێنانی سەردانەکە؛
  - لابردن لە دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری؛ و

  کە هەر شکستهێنانێکی وەها لەوانەیە بە شێوەیەکی نەرێنی کاربکاتە سەر قەبوڵکردنی هەر داخوازییەک لەوانەی من بیکەم بۆ سەردانی داهاتوو بۆ ئەم یان هەر دەزگایەکی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری.
- بە واژووکردنی ئەم ڕێککەوتنە، من قەبوڵمە کە گوێڕایەڵی مەرجەکانی چوونەژورەوە لە لاپەڕەکانی ١- ٣ ی ئەم فۆرمە بم.

من دان بەوەدا دەنێم کە:

- وەزارەت زانیاری کەسی لەمن کۆکردووەتەوە و کەوا من زانیارییەکەم خوێندوەتەوە لە فۆرمی 1553 *Privacy Notice Visitors to immigration detention facilities*. من ڕەزامەندم لەو کۆکردنەوەیە، بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاری کەسیم لەلایەن وەزارەتەوە، و زانیاری کەسی هەر کەم تەمەنێکی یاوەرم کە من (باوک، دایک) یان سەرپەرشتیاریم، بۆ ئەو مەبەستانەی لەسەرەوە خراونەتەڕوو و/ یان وەک باسکراوە لە فۆرمی 1553 یان وەکتر ڕێگاپێدراوە یان داواکراوە لەلایەن یاسای ئوسترالیایی.

## *Agreement*

**All visitors must read the *Conditions of Entry* on pages 1–3 of this form and sign this Agreement before entering the immigration detention facility.**

I declare that:

- I have read the *Conditions of Entry* on pages 1–3 of this form.
- I am not bringing any prohibited or controlled items into this immigration detention facility.

I understand that:

- failure to comply with the above conditions may result in:
  - refusal of entry to the immigration detention facility;
  - termination of the visit;
  - removal from the immigration detention facility; and

  that any such failure may negatively impact the approval of any application I may make for future visits to this or any other immigration detention facility.
- by signing this Agreement, I agree to comply with the *Conditions of Entry* on pages 1–3 of this form.

I acknowledge that:

- the Department collects personal information from me and that I have read the information contained in form 1553 *Privacy Notice Visitors to immigration detention facilities*. I consent to the collection, use and disclosure by the Department of my personal information, and the personal information of any accompanying minors of which I am the parent or guardian, for those purposes set out above and/or as described in form 1553 or as otherwise authorised or required by an Australian law.

Your full name
ناوی تەواوی خۆت
[ ]

**Your signature**
**واژووی خۆت**
[ ]

Date
بەروار

| Day ڕۆژ | Month مانگ | Year ساڵ |
|---|---|---|
| / | / | |


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022